## پیوست شیوەنامە (کردی)

## تایبەتمەندییەکانی بەرهەمی کوردیی نێردراو بۆ شۆڕای بڵاوکردنەوەی زانکۆی کوردستان

### تایبەتمەندییەکانی پیتچنی و پەڕەبەندی

فایلی دەقی بەرهەمەکە دەبێت لە نەرمئامێری Wordیا ئەو نەرمئامێرانەی کە هەڵگری ئەم پێوەرانەی خوارەوەن پیتچنی کرابێت و بنێردرێت بۆ شۆڕای بڵاوکردنەوە.

لە قەبارەی وەزیری پەراوێزی سەرەوە و خوارەوە ٥ و چەپ و ڕاست ٤ سانتی مەتر یا لە قەبارەدا، ڕەحلی پەراوێزی سەرەوە ٣ خوارەوە ٢/٥ ( دوو و نیو)، چەپ و ڕاست ٢ سانتی مەتر بێت. جێی ئاماژەیە کە دەبێت لە هەردوو قەبارەدا بە پێی لاپەڕەی A4ئامادە بکرێت.

| | |
|---|---|
| مەودای دێڕەکان | single |
| چوونەناوەی پاڕاگرافەکان | ٠/٥ سانتی مەتر |

1. پاژ — Bahijمیترای ڕەش پۆینتی ١٦
2. ژێر پاژ — Bahijمیترای ڕەش پۆینتی ١٤
3. دەقی سەرەکی — Bahijمیترای ڕەش ١٢
4. قەڵەمی دەقەکە — Bahijمیترای ناسک پۆینتی ١٢
5. دەقی ئینگلیسی — Times new Roman ناسک پۆینتی ٨
6. پەراوێز — Bahijمیترای ناسک پۆینتی ١٠
7. پەراوێزی ئینگلیسی — Times new Romanناسک پۆینتی ٨
8. ژمارەی ڕەسم و خشتە — Bahij میترای ڕەش پۆینتی ١٠
9. شرۆڤەی ڕەسم و خشتە — Bahijمیترای ڕەش پۆینتی ١٠
10. دەقی نێو خشتەکە ( کوردی) — Bahijمیترای ناسک پۆینتی٩ — (single )
11. دەقی نێو خشتە ( ئینگلیسی) — Times new Roman ناسک پۆینتی ٨ — (single )
12. وشەگەلی دیاریکراو لە دەقدا — ئیرانیک یا ئیتالیکی ڕەش پۆینتی ١١ — (single )
13. نووسراوەکانی نێو ڕەسم — Bahijمیترای ڕەش پۆینتی ٨و٩
14. نووسراوەکانی نێو ڕەسم — Times new Roman ڕەش پۆینتی ٨

15. سەرچاوەگەلی فارسی B نازنین نازک پوینت ١١
16. سەرچاوەگەلی ئینگلیسی Times new Roman ناسک پۆینتی ١٠
17. هێڵێ پاورقی هێڵی تەواو
18. دەقی سەر لاپەڕە Bahij میترای ناسک پۆینتی ١٠
19. ژمارەی لاپەڕە Bahij میترای ناسک پۆینتی ١٢
20. فۆرمووڵ Times new Roman ناسک پۆینتی ١٢

لە پیتچنین و پەڕەبەندیدا ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی خوارەوە گرینگە:

1. ژمارە لاپەڕەکان، دوانە ڕاست چین و ژمارەی تاک چەپ چین بێت
2. دەسپێکی پاژەکان لە لاپەڕەی تاکەوە و دوو دێڕ خوارتر بێت.
3. لە لاپەڕەی دەسپێکدا دەبێت ناوی کتێب، ناوی نووسەر یا نووسەران، ناوی وەرگێڕ/ وەرگێڕان یا ڕاستکەرەوە یا ڕاستکەروەکانەوە بنووسرێت.
4. لاپەڕەی پێشکەشکردنی بەرهەم کە شێوازی ئامادەکردنی تایبەت بە خاوەن بەرهەمە، لە دوای لاپەڕەی ناوی کتێبەوە دابنرێت.
5. لە پێرستی بابەتەکاندا دەبێت تەواو سەردێڕە سەرەکی و لاوەکییەکان بە شێوازی پلیکانەیی دابنرێت.
6. لە سکەنکردنی فۆڕمووڵەکان و خشتەکان دەبێت بەرگری بکرێت و فۆڕمووڵەکان دەبێت بە نەرمئامێری Math Type پیتچنی بکرێت.
7. وێنەکان دەبێت لە چوارچێوەی tif و بە کوالێتی زیاتر لە ٣٠٠dpi بێت.
8. ژمارەی لاپەڕەکان دەبێت لە دوای یەک تا کۆتایی کتێبەکە دابنرێت.
9. لەو بەرهەمانەی کە لایەنی زانستییان هەیە وەکوو فەرهەنگەکان و فەرهەنگۆکەکان هەروەها ئەو بەرهەمانەی کە بە زۆری تێیاندا کەڵک لە نیشانەگەلی کورتکراوە وەردەگیردرێت، دەبێت پۆلێنبەندیی نیشانە کورتکراوەییەکانی لە دوای پێرستی بابەتەکانەوە بنووسرێت.
10. تەواوی خشتەکان و وێنەکان دەبێت ژمارەیان بۆدابنرێت، سەردێڕ و سەرچاوەکەیان دیاری بکرێت.
11. سەردێڕی خشتە لە سەروویەوە و سەردێڕی ڕەسم و نەخشەکە لە خوارەوەی بێت.
12. لە کاتی دانانی سەردێڕەکان، ڕەسمەکان، نەخشە و خشتەکان دەبێت لە نێوان ژمارەی ڕەش بنووسرێت و لە دوای سێ مەودا دابنرێت، هاوکات ئەگەر پیتی ئەلفبێ بەکار ڕۆیشتبێت دەبێت پیتەکە دابنرێت: ئەلف) ڕەسم ١.٢

## ە) پەراوێز

ئەگەر نووسەر یا وەرگێڕ بە پێویستی بزانێت زانیاریگەلێک سەبارەت بە خوێنەر بنووسێت بەڵام ناوبردنیان لە دەقدا ببێتە هۆی پەرتەوازبوونی دەقی سەرەکی دەبێت ئەو زانیارییانە لە پەراوێزدا بهێنێت. پەراوێز جۆراوجۆرە کە ئەگەری هەیە ئەو بابەتە شیکارییە، بەرانبەری دەستەواژەکان، شێوازی ئینگلیسی و ناوی شوێنەکان و ژێدەرەکان بێت.

سەرنجدان بەم خاڵانە لە نووسینی پەراوێزدا گرینگە:

١ . ڕێکخستنی پەراوێز دەبێت بە شێوازیRestart each page  بێت.

٢. پەراوێزی ئینگلیسی دەبێت چەپ چین و بە ژمارەی ئینگلیسی و پەراوێزی کوردی دەبێت ڕاست چین و بە ژمارەی کوردی بێت.

٣. ئەو پەراوێزە تێکەڵانە تەنانەت ئەگەر بە وشەی ئینگلیسییەوە دەست پێ بکات، دەبێت ڕاست چین بکرێت.

٤. ژمارەی پەراوێزەکان نابێت بە شێوازی بەرەو سەر بێت و دەبێت لە نێوان ژمارە و شرۆڤەی ڕەش (-) یا خاڵی (.) دابنرێت.

پێشنیار دەکرێت وەرگێر یا وەرگێڕەکان بە مەبەستی بەپێزکردنی بابەتەکانی کتێب شرۆڤەگەلێک لە بەشگەلی پێویستی پەراوێزدا دابنرێت و ئەوە بە (و) یا ( وەرگێڕ) دیاری بکەن.

## و) نووسینی ناوی شوێن و دەستەواژەکان

بەرانبەری کوردی یا دەستەواژەی پسپۆڕانەی باو دەبێت لە دەق و بەرانبەری ئینگلیسیدا بە هێنانی دەستەواژە سەرەکییەکەی لە پەراوێزدا بنووسرێت و وشەنامەکەیەک بە پێی ئەم دەستەواژانە لە کۆتایی کتێبەکەدا بهێنرێت.

لە تۆمارکردنی ناوی شوێنەکاندا دەبێت سەرنج بدرێت بێژەی سەرەکییان لە دەقی کوردیدا دەبێت سەرنج بدرێت ئەو ناوەی کە هەڵگری بێژەی ئینگلیسییە یا لە کوردیدا بە شێوازێکی تایبەت باوە، لە بێژەی دروست و بەکارڕۆیشتووی کەڵک وەربگیردرێت.

جێی ئاماژەیە کە لە یەکەمین کارکردی دەستەواژەی پسپۆڕانە و هەروەها شوێنەکاندا دەبێت دەستەواژەی سەرەکی لە پەراوێزدا بهێنرێت و ئەگەر دەستەواژەکان و ناوەکان دووبارە لە دەقدا بەکار ڕۆیشت، چیدی پێویست بە دووبارە هێنانەوەی لە پەراوێزدا ناکات.

## نووسینی فۆرموول و نووسینی ژمارەکان

لە نووسینی فۆرموول و ژمارەکاندا دەبێت ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاو بکرێت:

1. فۆرموول و مەعادڵەکان دەبێت بە نەرمئامێری Math Typeپێتچنی بکرێت.
2. تەواوی ژمارەکان لە فۆرموولەکان و مەعادڵەکاندا دەبێت بە کوردی بێت.
3. لە نیشانەی (/) بۆ پیشاندانی ژمارەگەلی دەیی کەڵک وەربگیردرێت و لە بەکارهێنانی خاڵ (.) بە جێگای دەیی خۆتان بوێرن.
4. فۆرموول و مەعادڵەکان دەبێت هەڵگری ژمارە بن؛ بەم جۆرەی ژمارەی ڕاست چین کراو، بە بێ کەوانە بێت: ٥،٢
5. فۆرموول و مەعادڵەکان لە یەک دێڕدا و لە ناوەڕاست چین دەکرێت و ئەگەر زیاتر لە دێڕێک بێت، چەپ چین دەبێت.
6. ئەو واحدە ژمارەییانە دەبێت بە کوردی بێت و لە لای چەپی ژمارەکەوە بنووسرێت؛ بێجگە لەو کتێبانەی کە ژمارەی واحدەکان زۆرە وەکوو کیمیا، بیرکاری ١٠٠ کیلۆمەتر ٢٠ سانتی مەتر بە جێگای km100و 20cm
7. ژمارە چ لە نێو دەق و چ لە سەردێڕدا لە ڕاستەوە بۆ چەپ دەنووسرێت. ئەم بنەمایە بۆ نووسینیساڵیش بەکار دەڕوات: ١٣٧٥-١٣٦٠؛ سەردێڕی سێهەم لە پاژی دووهەم ٣٢ مەعادڵەی چوارەم لە پاژی سێهەم ٤٣؛ ١٢-٢٠ی گوڵان؛ لاپەڕەکانی ١٠-١٣ ١٢ تا ٢٠ی گوڵان؛ لاپەڕەکانی ٣ تا ١٠.

٨. واحدە ژمارەییەکان دەبێت لە تەواوی دەقەکەدا یەکسان بێت و تا ئەو جێگای دەکرێت دەبێت تەواوی یەکەکان ببن بە یەکەی پڕ بەکارهێنەر لە کوردیدا وەکوو: سانتی گراد یا سیلسیوس

٩. ژمارەی ڕەسمەکان، خشتەکان و ... کاتێک بەشێک لە ڕستەیە و لە ڕستەدا دەخوێنرێتەوە نابێت بێتە ناو کەوانە. بۆ نموونە: لە ڕەسمی ٣-٢ تایبەتمەندییەکانی بەڕێوەبەر پیشان دراوە.

١٠.لەو بابەتەکانی خوارەوەدا ژمارەکان بە شێوازی پیتی دەنووسرێت:

لەو دەقانەی کە بیرکاری نین و ژمارەی ڕیز و دەییەکان کاتێک لەگەڵ ژمارەی دروست هاوڕا نەبن، تەواوی ژمارە سەرەکییەکان و ئەوانەی سەرەکی نین ئەگەر لە سەرەتای دێڕەوە بێن؛ ژمارەی شەقام وماڵەکان.

**ح) گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ**

گێڕانەوەی ڕاستەوخۆ دەبێت دەقێق و بە بێ ئەوەی کە لە دەقی سەرەکیدا دەستکارییەک بکرێت دەبێت تەنانەت یەک وشە یا نیشانەی نووسین نابێت بگۆڕدرێت. هێنانی ڕاستەوخۆ دەبێت لە نێو کەوانەدا بێت و بە خێرایی لە دوای ئەو ناوی سەرچاوەکە بهێنرێت. لە هێنانی ئایاتی قورئاندا دەبێت سەرنجێکی زۆر بدرێت.

لە نقڵ قولی ناڕاستەوخۆدا نووسەر واتا و مەبەستی سەرەکیی قسەی کەسانی دیکە بە شێواز و زمانی خۆی دەردەبڕێت. لە نقل قول ناڕاستەوخۆدا دەبێت ژێدەرەکەی بدرێتەوە لە سەرچاوەی سەرەکی و حەتمەن دەبێت ناوی سەرچاوە بهێنرێت تا تۆمەتی دزیی زانستیی لێ نەدرێت.

**ت) دانانی ژێدەر و سەرچاوەکان**

بایەخی هەر وتارێکی زانستی دەگەڕێتەوە بۆ سەرچاوە و هێنانی ئەو ژێدەرانە بە شێوازێکی دەقێقە؛ بەم پێیە گرینگە تەواوی ئەو ژێدەر نێوان دەقییانە دیاری بکرێن و زانیاریی کتێبناسانەیان لە پێرستی سەرچاوەکاندا بهێنرێت.

بە پێی بڕیاری شۆرای بڵاوکردنەوە، ژێدەرەکان لە کتێبەکانی زانکۆی کوردستاندا لە شێوازی شیکاگۆ پەیڕەوی دەکات؛ کەوایە ژێدەرەکان دەبێت بە شێوازی نێوان دەق یا بە شێوازی " نووسەر، ڕێکەوت و بڵاوکردنەوە" بێت.

چۆنیەتیی نووسینی ژێدەرەکان نێوان دەقی و پێرستی سەرچاوەکان بە پێی بنەمای شرۆڤەی خوارەوەیە:

| بەڵگە | نموونە |
|---|---|
| کتێبە پیرۆزەکان | قورئان. ١٣٤٧. وەرگێڕانی مامۆستا هەژار. تاران: ناوەندی چاپ و بڵاوکردنەوەی سرووش. ( قورئان، بەقەڕە: ١١٢) |
| کتێبێک بە یەک نووسەرەوە | فتوحی، محمود. ١٣٩٠. *سبک شناسی: نظریه‌ها، رویکردها و روش‌ها*. تهران: سخن. (فتوحی ١٣٩٠، ١٢٠) یا (فتوحی ١٣٩٠)<br>*Pollan,Michael.2006.The Omnivore's Dilemma: A Natural History of How Eating Has Evolved. New york: penguin. (pollan2006,99-100)* |
| کتێب بە دوو نووسەرەوە | *خدایاری فرد، محمد و اکرم پرند. ١٣٩۴. ارزیابی و آزمونگری روان‌شناختی. ج٣. ویراست٢. تهران: مؤسسه انتشارات دانشگاه تهران. (خدایاری‌فرد و پرند ١٣٩۴، ١٠) یا (خدایاری‌فرد و پرند ١٣٩۴)*<br>*Ward, Geoffrey C., and Ken Burns. 2007. The War: An Intimate History, 1941-1945. New York: Knopf. (Ward and Burns 2007, 52)* |

| | |
|---|---|
| کتێب به سێ نووسەرەوە | معینی، سهراب، ژاله خوشخو و مهداد مهدابی. ۱۳۹۳. آبزیان و فراوری. تهران: مؤسسه انتشارات دانشگاه تهران. (معینی ۱۳۹۳، ۱۵) یا (معینی ۱۳۹۳) |
| کتێب به زیاتر له سێ نووسەرەوە | مخدوم، مجید، علی‌اصغر درویش صفت، هورفر جعفرزاده و عبدالرضا مخدوم. ۱۳۹۲. ارزیابی و برنامه‌ریزی محیطزیست با سامانه‌های اطلاعات جغرافیایی. چ۷. تهران: مؤسسه انتشارات دانشگاه تهران. ( مخدوم و دیگران ۱۳۹۲، ۱۰) یا (مخدوم و دیگران ۱۳۹۲)<br>(Barnes et al. 2010,847) |

| مدرک | نموونه |
|---|---|
| پاژێک له کتێب | نوروزی چاکلی، عبدالرضا. ۱۳۸۴. جامعه اطلاعاتی و جهانی شدن. در مجموعه مقالات همایش‌های انجمن کتابداری و اطلاع‌رسانی ایران، ویراستار محسن حاجی زین العابدینی. ۱۰۱-۱۲۱. تهران: کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران. (نوروزی چاکلی ۱۳۸۴، ۱۱۰)<br>Kelly, John D. 2010. “Seeing Red: Mao Fetishism, Pax Americana, and the Moral Economy of War.” In Anthropology and Global Counterinsurgency, edited by John D. Kelly, Beatrice Jauregui, Sean T. |
| کتێب به نووسەری ڕێکخراوەوە | سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی کشور. ۱۳۸۰. ضوابط طراحی فضای سبز شهری. تهران: سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی کشور. ( سازمان مدیریت و برنامه‌ریزی کشور ۱۳۸۰، ۱۰) |
| کتێب به وەرگێڕەوە | توماس، یان. ۱۳۸۰. *ارزیابی اثرات زیست محیطی استرالیا*. ترجمه منوچهر طبیبیان. تهران: موسسه انتشارات دانشگاه تهران. |
| کتێبی چەند بەرگی | آرین‌پور، یحیی. ۱۳۸۲. از *صبا تا نیما*. ۲ج.چ.۸. تهران: زوار (آرین پور ۱۳۸۲، ج ۲) یا (آرین پور ۱۳۸۲، ج. ۲: ۲۵) |
| نازناوەکان | نیما یوشیج {علی اسفندیاری}. *مجموعه اشعار نیما یوشیج*. تهران: نیلوفر. (نیما یوشیج ۱۳۸۲ |

| | |
|---|---|
| هەڵەگر یا کۆکەرەوە | نیازی، سیمین، ویراستار. ۱۳۸۴. *گزیده مقالات ایفلا* ۲۰۰۳ ( برلین، ۹-۱ اوت ۲۰۰۳). تهران: سازمان اسناد و کتابخانه ملی جمهوری اسلامی ایران (نیازی ۱۳۸۴) |
| وتار بە نووسەرێکەوە | بنی اسدی، نازنین. ۱۳۸۳. «مدیریت مشارکتی معلمان و ارتباط آن با رفتار جامعه مدنی دانش آموزان.» مجله روان‌شناسی و علوم تربیتی ۳۴ (۲): ۳۵-۶۵. (بنی اسدی ۱۳۸۳، ٦٨)<br>Weinstein, Joshua I. 2009."The Market in plato's Republic." Classical Philology 104: 439-458.(Weinstein 2009,440 |
| وتاری وەرگێڕدراو | ماتریسکا، کاتارزینا. ۲۰۰۴.« کتابداران در عصر دانش». ترجمه محمدرضا سلیمانی. ۱۳۸۴. مجله علوم کتابداری ۲۰ (۳و۴): ۷۵-۸۷ (ماتریسکا ۲۰۰۴). |
| نامەی کۆتایی ماستەر و دکتۆری | مظهری، اشرف. ۱۳۳۴.«مقایسه اجاره در فقه و قانون مدنی و آیین‌نامه مال الاجاره‌ها». *پایان‌نامه کارشناسی ارشد*. به راهنمایی سید محمد مشکوه. تهران: دانشگاه تهران: دانشکده حقوق و علوم سیاسی |

**خاڵگەلی هێنانی سەرچاوە و ژێدەر**

1. ئەگەر دوو یا چەند نووسەری جیاواز ناوی هاوشێوەیان بێت و ساڵی بڵاوبوونەوەی بەرهەمەکانیان یەکێک بێت، پیتی یەکەمی ناویان پێش لە نازناویان دەنووسرێت ( ب. بابایی ۱۳٦٨)، (م، بابایی ۱۳٦٨).
2. ئەگەر سەرچاوەکان تایبەت دوو بەرهەم لە نووسەرێک بن و ڕێکەوتی بڵاوبوونەوەی هەموویان یەکێک بێت، بە پیتی ئەلفبێ دەبێت لە یەکدی جیا بکرێنەوە ( عابدی ۱۳۸۵ الف)، ( عابدی ۱۳۸۵ ب).
3. لە هەر شوێنێک ناوی نووسەرێک لە دەقدا بێتەوە پێویست ناکات لە کەوانەدا دووبارە بکرێتەوە. وەکوو:

به باوەڕی مەحموودی ( ۱۳٦٨) دەبێت...

٤. بۆ نووسینەوەی ژێدەرە نێوان دەقی ئەو بەرهەمانەی بە فارسی نین دوو شێواز لەبەر دەستە: ئەلف) ناوی ئینگلیسی لە نێو کەوانە دابنریەت (Blake 1980)؛ ب) بێژەکەی بە ناوی کوردی لە ڕستەدا دێت و ئینگلیسییەکەی لە پەراوێزدا دەهێنرێت: بلیک[1] بڕوای وایە...

٥. ئەگەر بە خێرایی و دوای تێپەڕبوونی سێ لاپەڕە سەرچاوەکە بدرێتەوە هەمان سەرچاوەی پێشوو لە وشەی (هەمان) و لە ئینگلیسشدا لە «ibid» بە جێگای ناوی نووسەر کەڵک وەردەگیردرێت. ئەگەر سەرچاوەکە یەکێک بێت بەڵام ژمارەی لاپەڕەکەی جیاواز بێت لە دوای " هەمان" یا «ibid»ژمارەی لاپەڕەکە دەنووسرێت.

٦. ئەگەر بابەتێک چەند سەرچاوەی هەبێت، هەر یەک لە سەرچاوەکان بە (؛) جیا دەکرێنەوە: ( دیانی ١٣٨٥؛ حسنی١٣٥٩؛ رسولی ١٣٥٨)

ڕیزی پێرستی سەرچاوەکان دەبێت بەم جۆرە بێت:

٧-١- پێرستی سەرچاوەکان دەبێت بە پێی ڕیزی ئەلفبێی نازناوی نووسەر ڕیز دەکرێت.

٧-٢- ئەگەر نووسەرێک بەرهەمێکی ببێت و لە دوای ئەوە لەگەڵ کەسێک یا چەند هاوکارێک بەرهەمێکی دیکەی نووسیبێت، سەرەتا ئەو بەرهەمەی کە نووسەرێکی هەیە ( ئەگەر دوو یا چەند بەرهەمێکی بوو بە پێی ساڵی بڵاو کردنەوە و لە ئەگەری وەک یەک بوونی ساڵی بڵاوکردنەوە بە پێی پیتی ئەلفبێی سەردێڕ) لە دوای ئەوە بەرهەمەکانی دیکە بە پێی ڕیزی ئەلفبێی نازناوی نووسەرانی دووهەم و سێهەم دەنووسرێت.

٧-٣- لە پێرستی سەرچاوەکاندا سەرەتا سەرچاوە کوردییەکان دوای ئەوە سەرچاوەی فارسی و دواتر سەرچاوەکانی دیکە وەک عەرەبی و ئینگلیسی دەنووسرێن.

٨. لە بەرهەمە نووسراوەییەکاندا، سەرچاوە کوردییەکان دەبێت بە کوردی وسەرچاوە ئینگلیسییەکانیش بە هەمان زمانی سەرەکی بنووسرێ؛ بەڵام لە بەرهەمی وەرگێڕدراودا، سەرەتا دەبێت شێوازی هێنانی سەرچاوەی سەرەکی کتێبەکە دەبێت بپارێزرێت و دووهەم ئەوەی کە لە ژێدەری نێوان دەقیدا دەبێت بێژەی دروستی ناوی کەسەکان، بە کوردی بنووسرێت و شێوازی ئینگلیسییەکەی یا شێوازە سەرەکییەکەی لە پەراوێزدا بهێنرێت. هەروەها ئەو زانیارییانەی تایبەت بە کتێبناسین وەرناگێڕنەوە؛ مەگەر

---

[1] Blake

ئەوەی کە لە دەق و ڕستەدا بەکار بڕوات. وەکوو: ئابرامز[2] لە فەرهەنگی دەستەواژە ئەدەبییەکاندا لە باسی خوازەدا[3] دەڵێت...

٩. لە پێرستی سەرچاوە و دەقدا ناوی کتێب بە شێوازی ئیتالیک دەنووسرێت.

١٠. لە پێرستی سەرچاوەدا ناوی وتار لە نێوان کەوانە و ناوی گۆڤار یا کۆمەڵە وتار بە شێوازی ئیتالیک دەنووسرێت.

١١. لە پێرستی سەرچاوە ئینگلیسییەکاندا نابێت لە نێوان ناوی نووسەر لە & کەڵک وەربگیردرێت و دەبێت بە andبنووسرێت.

---

[2] Abrams
[3] A Glassary of Literary Terms